# زمان و گياندار و جيهانبينی

د. هيوا عەساف
(زانكۆی سەلاحەددين - كۆليژی پەروەردە/ شەقلاوە)

**سەرەتا:**

جيهانبينی ئەو چوارچێوە و دەلاقەيەيە، كە لێوەی لە جيهان دەڕوانين و گوزارشت لە تێڕوانين و بيركردنەوەمان دەكەين. بەهۆی ئەوەی قسە بيركردنەوەيە بە دەنگی بەرز، هەركە دەم دەكەينەوە پەردە لەسەر بيركردنەوەمان هەڵدەماڵين و ئەوانی تری لێ ئاگادار دەكەينەوە.

زمان و جيهانبينيی هەر كۆمەڵگەيەك بەشێكن لە كولتووری كۆمەڵگەكە. كولتوور ياسا كۆمەڵايەتييەكانی كۆمەڵگە لەخۆدەگرێت و چۆنيەتيی مامەڵەكردنی خەڵك و نواندنی ڕەفتار دياری دەكات، ئەوە دياری دەكات خەڵك چۆن مامەڵە لەگەڵ بەهای جياواز، پايەی كۆمەڵايەتی جياواز، پيشەی جياواز، ڕەگەزی جياواز، گيانداران، كەرەستەكانی دەوروبەردا بكەن. كولتوور ڕەمزەكانی كۆمەڵگە، پيرۆزييەكان، بێزراو و نەويستراوەكان، ڕەفتاری پەسەند و ناپەسەند دياری دەكات.

زمان لەلايەكەوە هەڵگری ڕەگەزەكانی كولتووری سەردەمەكەی خۆيەتی، لەلايەكی ترەوە هۆكاری سەرەكييە بۆ فێركردن و گەياندنی وردەكارييەكانی كولتوور و گواستنەوەيەتی لە نەوەيەكەوە بۆ نەوەيەكی تر. بەگشتی ((زمان كاريگەر دەبێت بە كولتووری گەلان و سيستمی كۆمەڵگە و دابونەريت و بيروباوەڕ و ئاراستەی بيركردنەوە و ئاستی ڕۆشنبيری و تێڕوانينيان بۆ ژيان)) (علي وافي، ١٩٨٣، ص١٣)، بۆيە دەگوترێت ((زمان

یادگـە (ذاکـرة)ی گەلـە، کەلەپـوور و بیرکردنـەوە و دابونەریتـی تێـدا هەڵدەگیرێـت .... لـە کاتـی فێربوونـی زمانێکـی بێگانـەدا، لەگەڵیـدا بیروبـاوەڕی ئـەو گەلـەش فێردەبین)) (محمـد داود، ٢٠٠٩، ص١٦١ - ١٦٢).

(گیانـداران) بەشـێک بوونـە لـەو دەوروبـەرەی، کـە مـرۆڤ لـە ژیانـدا مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردوون. بەشـێکیان ماڵـی کـراون و لەگـەڵ مرۆڤـدا ژیـاون، بەشـێکی تریشـیان دوور و نزیـک پێوەندییـان لەگـەڵ مرۆڤـدا هەبـووە. لـە هـەر کۆمەڵگەیـەک و بەپێـی سروشـتی ناوچەکـە و جـۆری ئـەو گیاندارانـەی لـەو ناوچەیـەدا هەبوونـە و جـۆری ئـەو مامەڵەیـەی لەگەڵیانـدا کـراوە، مـرۆڤ سـەرنج و تێڕوانینـی لەبـارەی ئـەو گیاندارانـەی ناسـیونی هەبـووە. سـیفەتی هەندێـک لـە گیانـداران (وەک خێرایـی بـەور، وەفـای سـەگ، قسـەکردنی بەبەغا (تووتـی)، دەنگخۆشـیی بلبـل، وریایـی ڕێـوی.. تـاد)، یـان ڕەنـگ و شـێوەی هەندێـک لـە گیانداران «وەک جوانیـی ئاسـک، شـێوەی دڕکاویـی پێسـتی ژووژگ، ناشـیرینیی مەیموون..تـاد» بوونەتـە جێگـەی سـەرنجی مـرۆڤ و کاری کردووەتـە سـەر بیرکردنـەوە و تێڕوانینـی مـرۆڤ بـۆ ئـەو گیاندارانـە، پاشـان چۆنیەتـی بەکارهێنانـی نـاوی ئـەو گیاندارانـە لـە بەرهـەم و ئاخاوتنـی ڕۆژانـەدا. هەندێـک جاریـش هەڵوێسـت و بەسـەرهات و چیرۆکـی گیانـداران لە ئەفسـانە و دەقـی ئەدەبی و ئایینـی کاریگەریی لەسـەر بەکارهێنانـی ناوەکانیان هەبـووە، چونکـە ئـەو چیـرۆک و بەسـەرهاتانە بوونەتـە بەشـێک لـە بیـر و کولتـووری میللەتـان و زمانیـش ئاوێنـەی کولتـووری گەلانـە. بـە گشـتی ئـەو وێنەیـەی گیانـداران خۆیـان دەیبەخشـن، یـان لـە چیرۆکـە ئەفسانەیی و ئایینییەکانـدا دەبینرێن، کاری کردووەتـە سـەر بیرکردنـەوەی مـرۆڤ، بـەو پێیـەی زمـان بـاری دەرکەوتـووی بیرەوێنـەکان لـە زمانـدا بەرجەسـتە دەبـن.

هەندێـک لـەو چیـرۆک و بەسـەرهاتانە لە دەقێکی ناوچەییـدان، یـان پێوەنـدی بـە بیروباوەڕێکـەوە هەیـە کـە زۆر جـار لـەلای میللەتـی تـر نییـە، بـۆ نموونـە وێنـەی (جاڵجاڵۆکـە) لای موسـڵمانێک و ناموسـڵمانێک جیـاوازە، بەهـۆی ئـەو چیرۆکـەی کـە لەگـەڵ پێغەمبـەری ئیسـلامدا هەیەتـی و دەگوترێـت «لـە دوژمـن پاراسـتوویەتی». بـەم پێیـە ئـەو وێنـە زیادەیـەی دەیبەخشـێت دەبێتـە واتـای بارکـراو، کـە ئـەم واتایـە بەپێـی ئەزموونـی کـەس و کات و کۆمەڵگـە دەگۆڕێـت و هەسـت و سـۆزی لەگەڵدایـە.

هەندێـک جاریـش بیرکردنەوەیەکـی خورافـی و ئەفسـانەیی کۆمەڵگـە ئـەو وێنەیـە بـۆ هەندێـک لـە گیانـداران دروسـت دەکات، وەک ئـەوەی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا (کوندەبـوو) بـە شـووم دادەنرێـت و دەڵێـن (لـە شـوێنێک بنیشـێت کاول دەبێـت و دەبێتـە وێرانـە)، هەروەهـا زۆر جـار لەناو ئاییـن و بیروبـاوەڕە جیاوازەکانـدا هەندێـک گیانـدار پیرۆزییـان وەرگرتـووە، بـۆ نموونـە (تـاوس) لای ئێزدییـەکان و (گا) لای هندۆسـەکان و (بـزن) لای یەهوودییـەکان پیرۆزە (فەرهـاد پیربـاڵ، ٢٠٠٩، ل١٢٦). بـەم جـۆرە بەپێـی تێڕوانینـی کۆمەڵگـە بـۆ گیانـدار مامەڵـەی زمانیـی جیـاواز لەگـەڵ نـاوی گیاندارەکـەدا دەکرێـت، هـەر لەبـەر ئەوەیـە لێکدانـەوە و تێگەیشـتن لـە هەندێـک وشـە و ڕسـتە پێویسـتی بـە گەڕانـەوە بـۆ کولتـوور هەیـە.

## واتای ناوەسفی/ بارکراو لە ناوی گیانداران

جیهانبینیـی هـەر کۆمەڵگەیـەک بـە شـێوەی جیـاواز و لـە بەرهـەم و ژانـری جیاوازدا بەرجەسـتە دەبێـت، وەک (پەنـد، ئیدیـەم، شـیعر...)، یەکێـک لـە شـێوەکانی بەرجەسـتەبوونی جیهانبینـی (واتـای ناوەسـفی/ بارکـراو)ی وشـەیە.

مەبەسـت لـە بەکارهێنانـی زمـان، گەیاندنـی واتایـە، واتـاش چەنـد جۆرێکـی لـێ دەستنیشـان

کراوە. (جۆن لاینز) دوو جۆر واتا لێک جیادەکاتەوە (واتای وەسفی، واتای ناوەسفی) (Lyons, 1977, p51-52)، هەروەها (جیفری لیچ) حەوت جۆر واتای دەستنیشان کردووە، کە بریتین لە (واتای فەرهەنگی/ سەرەکی) و شەش جۆری تری واتای ناوەسفی، ئەوانیش (واتای بارکراو/ ڕاگەیاندن، واتای کۆمەڵایەتی/ شێوازی، واتای دەروونی، واتای ڕەنگدانەوە، واتای هاوڕێیەتی، واتای بابەتی)ن (Geoffrey Leech, 1981, p9).

واتای وەسفی (فەرهەنگی، سەرەکی) (conceptual/ cognitive meaning/ Descriptive Meaning)، ئەو واتا بنچینەییەیە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوە و لە سەری ڕێک کەوتووە و لە هەموو زمانێکدا وەک یەکە (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠، ل٨٣). ئەو واتایە لە پێوەندیی زمانیدا هۆکاری سەرەکییە و ئەرکی سەرەکیی زمان بەجێ دەگەیەنێت کە تێگەیشتن و گواستنەوەی بیرە... ئەم جۆرە واتایە خاوەن سیستمێکی ڕێکوپێکە کە دەتوانرێت بە سیستمی تری وەک فۆنۆلۆجی، یان مۆرفۆلۆجی، یان سینتاکس بەراورد بکرێت (احمد مختار، ١٩٩٨، ص٣٦). مەرجی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئەم جۆرە واتایە ئەوەیە، کە دەبێت قسەپێکەرانی زمانەکە لەسەر واتاکە لە ناو خۆیاندا ڕێک بکەون (تاڵیب حوسێن، ٢٠١١، ل٢١)، ئەم واتایە سیمای جیاکەرەوەی هەیە و واتای هەموو وشەیەک لە هەموو شوێنێک وەک یەکە، واتە نەگۆڕ و چەسپاوە (هەمان سەرچاوە، ل٢٢)، واتە ئەم جۆرە واتایە گشتییە و وشە بە گۆڕینی زمان و کۆمەڵگە، سیما واتاییەکانی ناگۆڕێت، بۆ نموونە سیمای واتایی واتای وەسفیی وشەی (ژن) لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا و بە هەموو زمانێک بریتییە لە (+مرۆڤ، +مێ، +هەراش/ پێگەیشتوو). بەگشتیش کەرەستە بەو واتایە و بەو سیمایانەوە دەچێتە پێکهاتەی کەرەستەی ترەوە.

هەرچی واتای ناوەسفییە، واتایەکی زیادەیە و دەخرێتە سەر وشە، ئەو جۆرە واتایە وەک واتای وەسفی جێگیر نییە، بەپێی کولتوور و کات و ئەزموونی تاکەکەسی دەگۆڕێت (Leech, 1981, p13)، بۆ نموونە ئەگەر شیکردنەوە بۆ واتای وشەیەکی وەکوو (ژن) بکەین، دەبینین لە واتای بارکراودا تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی وەک (غەریزەی دایکایەتی، توانایی قسەکردن، ئەزموونی چێشتلێنان...)ی هەیە، زیاتر لەوەش بەپێی تێڕوانینی گرووپێک، یان کۆمەڵگە دەکرێت سیمای واتایی تری هەبێت، بۆ نموونە بەپێی تێڕوانینی کۆن بۆ ژن ئەم تایبەتمەندییانەی هەبووە (لاواز، گرینۆک، ناعەقڵانی، هەستیار ....)، واتە ئەم واتایە هاوشێوەی واتای وەسفی نییە، تا جێگیربێت، بەڵکوو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، بەپێی ئەزموونی تاکەکان دەگۆڕێت، واتە سیما واتاییەکانی واتای بارکراوی وشە، کۆتاییەکی کراوەی هەیە و دەکرێت زیاد و کەم بکات (هەمان سەرچاوە، ل١٢- ١٣). گۆڕانەکەش بەپێی گۆڕینی وێنەی (ژن) لە کاتی جیاواز، یان لە کولتووری جیاواز لە جیهانبینیی کۆمەڵگەدا دەبێت، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە واتای بارکراو واتایەکە وابەستەی کولتوور و جیهانبینیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، مەرج نییە لە کۆمەڵگەیەکی تر، یان لە کاتێکی تردا وشە هەمان واتای هەبێت. وشەیەکی وەک (جوولەکە) لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەپێی تێڕوانینی خەڵک بۆ پەیڕەوکەرانی ئەو ئایینە سیمای (+ترسنۆک +دەوڵەمەند+ سووخۆر+ قرچۆک ...)ی هەیە، بێگومان ئەزموونێک لە شوێنێکی دیاریکراودا ئەم وێنەیەی دروست کردووە، وشەکە لە سەرەتادا

هەمان سیمای نەبووە، هەروەها لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلی، یان ئەمەریکاییدا هەمان واتای نییە.

کە دەڵێین واتای ناوەسفی بەپێی کەس و کات و شوێن (کۆمەڵگە) دەگۆڕێت، واتە کولتوور و جیهانبینی و ئەزموونی هەر کۆمەڵگەیەک کار دەکاتە سەر ئەم جۆرە واتایە و سیما واتاییەکانی وشە دیار دەکات، واتە هەموو ڕەگەزەکانی کولتوور وەک (یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نەریت، ئایین، هونەر..تاد) لە شێوەگرتنی ئەو جۆرە واتایە ڕۆڵ دەبینن. گیانداران وەک بەشێک لەو دەوروبەرەی کە کۆمەڵگە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و بە تێپەڕبوونی کات ئەزموونی لەگەڵدا هەیە، لە ئایین و ئەدەب و هونەر و پەند و مەتەڵ و ئیدیەمدا بووە بە بابەتی قسەکردن و ناوەکانیان بەپێی کولتوور و ئەزموونی کۆمەڵگە بێجگە لە واتای وەسفی، واتای زیادەشیان لێ بارکراوە. بێگومان ئەمەش بەپێی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بۆ نموونە (باڵندەیەکی وەک (کوندەبەبوو) لە کۆمەڵگەی کوردەوریدا نیشانەی شوومییە، بەڵام لای ئینگلیزەکان گەشبینی دەگەیەنێت)، (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٠، ل٨٨).

ئەم واتایەش لە جۆری (واتای ڕاگەیاندن)ـە، لەناو جۆرەکانی واتای ناوەسفیدا ئەوەی زیاتر گوتار و بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بەرجەستە دەکات، واتای ڕاگەیاندن (بارکراو)ە، ئەوانەی تر بە ڕادەیەکی کەمتر ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە.

ئەو وێنە کولتوورییەی گیانداران بە پێوەری واتاسازی (سیمانتیک) دەبن بە واتای (بارکراو، ڕاگەیاندن).

لە کۆمەڵگە و کولتووری کوردیدا هەندێک لە گیانداران نرخ و سیفەتی تایبەتییان دراوەتێ، بەمەش ناوەکانیان بێجگە لە واتا فەرهەنگییە جیهانییەکەیان، واتای تریشیان لێ بارکراوە کە ڕەنگە لە کۆمەڵگەیەکی تر بەو جۆرە نەبێت. بەهۆی ئەوەی ئەو واتا زیادەیەی دەیبەخشن، لەسەر بۆچوون و تێڕوانینی کۆمەڵگەکە وەستاوە، ئەو جۆرە واتایە دەبێتە (واتای ڕاگەیاندن، واتای لاوەکی)، کە جۆرێکی واتای ناوەسفییە.

هەندێک وشە ڕاگەیاندنی باشیان هەیە، هەندێکیشیان ڕاگەیاندنی خراپیان هەیە (هەمان سەرچاوە، ل٨٨). لەناو ناوی گیانداراندا ئەوانەی ڕاگەیاندنی باشیان هەیە، وەک (شێر، تاوس، کەو، بلبل...) و ئەوانی ڕاگەیاندنی خراپیان هەیە، وەک (بەراز، سەگ، ڕێوی، چەقەڵ، قەلەڕەش...)، ئەمەی خوارەوە ناوی هەندێک لەو گیاندارانەیە، کە واتای بارکراویان هەیە:

| ناوی گیاندار | واتای بارکراو |
|---|---|
| شێر | ئازایی، مەردی، بەشکۆ |
| بەور | خێرایی، گورجوگۆڵی |
| کەر | بێعەقڵی، تێنەگەیشتن، لاملی |
| ئاسک | جوانی، خێرایی |
| کوندەبەبوو | شوومی، بەدبەختی |
| ڕێوی | فێڵبازی، ناپاکی |
| سەگ | وەفا، یان پیسی، یان زۆرزانی |
| قەلەڕەش | شوومی، خراپی، پیسکەیی |
| مەیموون | ناشیرینی، نارێکی |
| بەراز | پیسی، بەهێزی و ملهوڕی، گەوادی |

بێگومان ئەم واتا بارکراوانە وابەستەی جیهانبینیی کۆمەڵگەن، جیهانبینیی کۆمەڵگەیش لەژێر کاریگەریی کولتوور و ڕەگەزەکانی کولتووردایە، وەک (ئایین، ئەزموون، مەعریفە، ئەدەب، هونەر ...). لە بابەتی دواتردا وێنەی هەندێک لە گیانداران لە کولتووری کوردیدا ڕوون دەکەینەوە، هەروەها هەوڵ دەدەین زانیاریی ئایینی و ئەدەبی و ئەفسانەیی و فسیۆلۆجی هەندێک لە گیانداران بخەینە ڕوو، کە دەکرێت هۆکاری شێوەگرتنی ئەو وێنەیەی هەر گیاندارێک بن.

## ناوی گیانداران و جیهانبینیی کۆمەڵگەی کوردی

لــە زمانــی کوردیــدا نــاوی زۆر لــە گیانــداران چوونەتــە پێکهاتــەی ژمارەیەکــی زۆری ئیدیــەم و پەنــد و قسـەی نەسـتەقەوە. لـە بەکارهێنانەکانـدا زۆر جـار نـاو، یـان سیفەت، یـان ڕەنـگ و شـێوەی گیانـداران لـە کەتـواردا بـۆ مـرۆڤ خـوازراوە، وەک بەکارهێنانـی ئیدیەمـی (مـەڕی خـوا) بـۆ کەسـێکی سـاویلکە و بـێ دەمـودوو، بەهـۆی ئـەوەی (مـەڕ) گیانداڕێکـی بـێ زیانـە و بەرگـری لـە خـۆی نـاکات، یــان مــرۆڤ بــە گیانــداران دەچوێنرێــت، وەک چواندنــی (کەســی ئــازا) بــە (شــێر) و (کەســی چوسـتوچالاک) بـە (بـەور) و (کەسـی زۆرخـۆر) بـە (مانـگا)... تـاد، یـان لـە پەنـددا، وەک ((شـێر هـەر شـێرە، چ نێـر بێـت، چ مـێ)، (بـزن نەگبەتـی بیگرێـت، نانـی شـوان دەخـوات)... تـاد، لێـرەدا (شــێر، بــزن..) دەخوازرێــن بــۆ مرۆڤــی ئـازا و مرۆڤـی نەگبـەت. بەپێـی ڕووی لێکچوونـی نێـوان ئـەو جۆرانـەی مـرۆڤ و گیانـداران دەتوانیـن چۆنیەتـی تێڕوانینـی کۆمەڵگـە بـۆ ئـەو گیاندارانـە بزانیـن.

ئاسایی لـە زمانـی کوردیـدا نـاوی ئـەو گیاندارانـە زۆر بەکاردەهێنرێـن، کـە لـە سروشـتی کوردسـتاندا هـەن، چونکـە ژینگـە لـە کولتوور، پاشـان لـە زماندا ڕەنــگ دەداتەوە (محمــد حســن، ١٩٩٠، ص٩٤). هەندێـک گیانـداری خەیاڵییـش لـە کولتووری کوردیدا هـەن و زۆر جـار لـە ئیدیـەم و پەنـددا بەکاردێـن، وەک (مێردەزمــە)، کــە ((گیاندارێکـی خەیاڵییــە، گوایـە کـە خەڵکـی گـرت، ئیتـر بەرینادات)) (فەتـاح مامـە، ١٩٩٨، ل٧١)، زۆر جـار وەک ئیدیـەم بـە کەسـێک دەگوترێـت (مێردەزمەیـە).

لێـرەدا وێنــەی هەندێــک لــە گیانــداران لــە جیهانبینیــی کــورددا پیشــان دەدەیــن، بــۆ ئەمــە گیانـداران دەکەیـن بـە چەنـد گرووپێـک و بـە گشــتی لێیــان دەدوێیــن:

١ – لــە کۆمەڵــی کوردەواریــدا هەندێــک لــە گیانــداران پیرۆزییەکیــان هەیــە و خۆشەویســتن، ئەمــەش بەهــۆی ئەوەوەیــە، کــە ســوودیان هەیــە، یــان بــەلای کەمــەوە زیانیــان نییــە، یــان لــە قورئانـدا ناویـان هێنـراوە، لـە چیرۆکێکـی ئایینـی، یــان ئەفســانەییدا کارەکتەرێکــی چاکــەکارن. هەریەکــە لــە (هەنــگ، مێروولــە، جاڵجاڵۆکــە، پەپوولەسـلێمانە..) لـەو جۆرانـەن. لـەو گیاندارانـە سـێی یەکەمیـان سـورەتی قورئانیـان بەناوەوەیـە، کــە ســورەتەکانی (النحــل، النمــل، العنکبــوت)ن. (پەپــوو)، یــان (پەپوولەســلێمانە)ش لە قورئانـدا بــە مژدەهێنــەر بــۆ حەزرەتــی (ســولەیمان) نــاوی براوە (النمــل، ٢٠، ٢٢) و دەڵێــن هاودەمــی حەزرەتــی (ســلێمان) بــووە و نامەبــەری نێــوان حەزرەتــی (ســلێمان) و (بەڵقیــس) بووە (محمــد نــوری، ٢٠٠٩، ل١٠٠٣)، بۆیــە ڕەنگــە هــەر بــەو هۆیــەوە لــە ناوەکەیــدا نــاوی (ســلێمان) هەیــە و بگەڕێتــەوە بــۆ حەزرەتــی (ســلێمان). بەپێــی فەرموودەیــەک، پێغەمبــەری ئیســلام نەهــی لــە کوشــتنی (مێروولــە، هەنــگ، پەپوولەســلێمانە، صــرد (١)) (٢) کــردووە.

هەنگ، هەنگویـن بەرهـەم دەهێنێـت، هەنگوینیـش بێجگــە لــەوەی خــۆش و زۆر شــیرینە، بەپێــی ئایەتێکــی قورئــان شــیفایە (النحــل، ٦٩). زۆر جـار بـە مـرۆڤ دەگوترێـت (هەنگویـن، هەنگوینـە، دەڵێـی هەنگوینـە)، مەبەسـت ئەوەیـە، زۆر شـیرینە، مرۆڤێکــی بــاش و قســەخۆش و نەرمونیــان و خۆشەویسـتە، هەروەهـا بـەو کەسـەی کـە خـۆی لـە خەڵـک نزیـک دەکاتـەوە و خۆی خۆشەویسـت دەکات و ســەرنجی خەڵــک بــۆ لای خــۆی ڕادەکێشــێت، دەگوترێــت (هەنگــە، لەســەر هەمــوو گوڵێــک دەنیشـێت)، ئەمـەش بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە هەنـگ دەچێتـە سـەر زۆر جـۆرە گـوڵ و شـیلەیان دەمژێت.

هەندێـک جار بـە مێروولـە دەگوترێت (لەشـکری حەزرەتـی سلێمان)، بـە ماڵـی مێروولـە دەگوترێـت (شـار)، چونکـە بـە کۆمـەڵ لـە ماڵێکـدا دەژیـن،

هەر بۆیە لە کوردەواریدا بە خەڵکێکی زۆر، یان بە ماڵێکی قەرەباڵغ دەگوترێت (شارە مێرووله، دەڵێی شارە مێروولەیە). مێروولە نموونەی بچووکییە لە قەبارەدا (٣)، بۆیە زۆرجار لەگەڵ (فیل)دا بەراورد دەکرێت، کە نموونەی قەبارەی گەورەیە، بە یەکێک، کە ڕووداوێک بگێڕێتەوە و گەورەی بکات، دەگوترێت (مێروولەیەک دەکات بە فیلێک، یان مێشێک دەکات بە گامێش)، یان کاتێک بۆ وەسفکردنی یەکێک و پیشاندانی بە کەسێکی باش، زیادەڕۆیی دەکرێت و دەگوترێت (پێی لە مێروولەیەک نەناوە).

٢- هەندێک لە گیانداران، بەتایبەتی باڵندەکان، بەهۆی جوانی و هەندێک جار دەنگخۆشی و هەندێک جار گورجوگۆڵییەوە، بە گشتی بوونە بە هێمای جوانی، وەک (ئاسک، بلبل، پۆڕ، تاوس، تووتی، سوێسکە، کۆتر، مراوی، کەناری، کەو..تاد). ئەم گیاندارانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا خۆشەویستن. زۆرجار ئافرەتیان پێ دەچوێنرێت و دەگوترێت (دەڵێی کارمامزە/ تاوسە/ کەوە)، یان بۆ ناونانی کچان (مامز، ئاسک، ئاسکە، ئاسکۆڵ) بەکاردەهێنرێت. هەندێکیان (وەک بلبل، کۆتر، کەو..) بەهۆی ئەوەی دەنگیان خۆشە و دەخوێنن، بۆیە زۆرجار مرۆڤیان پێ دەچوێنرێت، کاتێک گۆرانی دەڵێت، یان قسە دەکات، وەک (دەڵێی بلبلە: بۆ کەسێک زانیار و قسەزان بێت و بێ وەستان قسە بکات، یان بۆ قوتابیی زیرەک)، (وەک کەو/کۆتر دەخوێنێت: بۆ قسە، یان گۆرانی). (تووتی) یش دەتوانێت لاسایی مرۆڤ بکاتەوە و قسە بکات، بەڵام قسەکردنێکی سنووردار، نەک وەک مرۆڤ، کە ((دەتوانێ ژمارەیەکی بێ دوایی ڕستە بڵێ و تێبگا و هەمیشە شتی تازەی پێشتر نەزانراو دەربڕێ)) (وریا عومەر، ٢٠١١، ل١٢٦). بەم هۆیەوە کەسێک، کە تەنیا قسەی خەڵک بکاتەوە، یان وەک خۆی قسە دووبارە بکاتەوە، دەڵێن (بەبەغا، تووتی).

٣- باڵندە گۆشتخۆرە ڕاوکەرەکانی وەک (باز، شەهێن، هەڵۆ، داڵ...تاد)، کە بەگشتی خێرا و بەهێز و چاوتیژن (فەرهاد پیربال، ٢٠٠٩، ل٢١٠)، بەهۆی ئەو سیفەتانەوە زۆرجار دەبن بە هێمای ئازایی و لێهاتوویی، بۆیە بە جەنگاوەر دەگوترێت (هەڵۆ)، هەروەها جگە لەو سیفەتانە، بەگشتی ئەو جۆرە باڵندانە جوان و سەرنجڕاکێشن، بەتایبەتی چاویان، بۆیە زۆرجار ئافرەتیان پێ دەچوێنرێت، بۆ نموونە دەگوترێت (شەهێنە، چاوبازە...تاد). ناوی هەندێکیشیان بۆ ناونانی منداڵ بەکاردەهێنرێت، بۆ کوڕ بەهۆی ئازاییەوە ناوی وەک (هەڵۆ، شاباز) بەکاردەهێنرێت و بۆ کچیش بەهۆی جوانییەوە ناوی وەک (شەهێن) بەکاردەهێنرێت.

٤- هەندێک تایبەتمەندیی فسیۆلۆجیی گیانداران بووەتە جێگەی سەرنج، وەک گەورەیی قەبارەی (فیل، گا و مانگا، کەر، کەرکەدەن...). هەندێک لە گیاندارانیش سیفەت و ڕەفتاریان بووەتە جێگەی سەرنجی مرۆڤ، وەک ئازایی و دڕندەیی (شێر، پڵنگ، گورگ). لە کوردەواریدا گیانداری وەک (کەر، مەڕ، وشتر) بە ساویلکە و گێل و بێعەقڵ دانراون و هەندێکی تری وەک (مەیموون (٤)، بۆق، جرج، شەمشەمە کوێرە) بە ناشیرین دانراون.

بێگومان هەندێک لەم تێڕوانین و بیرکردنەوانە ڕەها نین، چونکە بابەتی وەک (جوانی) ڕێژەییە و ڕەنگە ئەوەی بەلای منەوە جوانە، بەلای یەکێکی ترەوە ناشیرین بێت، بۆیە مەرج نییە هەموو میللەتێک بەو شێوەیە لەو گیاندارانە بڕوانێت. بەپێی ئەو بیرکردنەوەیەی کورد زۆرجار شێوە، یان سیفەتی مرۆڤ بە شێوە و سیفەتی ئەو گیاندارانە دەچوێنرێت، وەک لەم وتانەدا (بەقەد کەرێکی/ گایەکی، هەنکی کەرکەدەنێکە، (زۆر ئازایە، دەڵێی شێرە/ پڵنگە)، زۆر کەرە، هەی حوشترا، دەڵێی

مەیموونە/ بۆقە/ جرجە.. تاد). لە کوردەواریدا دەنگی زەڕینی کەر بە ناخۆش دادەنرێت، لە قورئانیشدا بە ناخۆشترین دەنگ دانراوە (لقمان، اية ١٩)، بۆیە ئەگەر یەکێک دەنگی ناخۆش بێت و بگرییێت، یان گۆرانی بڵێت، دەڵێن (دەڵێی کەرە دەزەڕێت). هەندێک جار بە کەسی گەوج و لامل دەگوترێت (شیری کەری خواردووە!)، زۆرجاریش بە کەسی بەهێز و زل و بێعەقڵیش دەگوترێت (نێرەکەر، نێرەکەری بەهار).

هەروەها بەهۆی هێواشیی (کیسەڵ)ـەوە لە ڕۆیشتندا، کەسێک، کە هێواش بڕوات، پێی دەڵێن (وەک کیسەڵ دەڕوات)، یان کەسێک شتێک بۆ کەسێکی تر بنێرێت و درەنگ پێی بگات، یان نەگات، دەڵێن (بە پشتی کیسەڵ بۆی ناردووم).

بەهۆی گەورەیی نەهەنگ و زۆر خواردنییەوە، بە کەسی زۆرخۆر، یان ئەو کەسەی پارە و سامان زۆر خەرج بکات، دەڵێن (حووتە، دەڵێی حووتە، وەک حووت لووشی کرد...). لەبارەی (تیمساح)ـەوە شتێکی تایبەت لە کولتووری کوردیدا نییە، تەنیا (فرمێسکی تیمساحی) بەکاردێت، کە ئیدیەمێکی جیهانییە، مەبەست گریان و دڵتەنگیی ساختە و درۆینەیە، چونکە هەر بە ڕاستی تیمساح فرمێسک وەک کاردانەوەیەکی بایۆلۆجی دڕێژێت، نەک بە کاریگەریی هەست و سۆز و بەهۆی گریانەوەبێ.

٥- لە کۆمەڵگەی کوردیدا بێجگە لە هەنگ، بەگشتی ئەو گیاندارانەی ژەهرینن و پێوەدەدەن (وەک ئەژدیها، مار، دووپشک، زەردەواڵە، زەرگەتە) نەخوازراون و خۆشەویست نین، بەڵام بە پلەی جیاواز، بەپێی پلەی مەترسییەکانیان، بۆنموونە (ئەژدیها) بە دوژمنێکی گەورە دادەنرێت و پلەی ڕق لێبوونەوەی زۆرە، بەڵام (زەرگەتە) تەنیا خۆشەویست نییە. مار بەگشتی و ئەژدیها بەتایبەتی، کە (جۆرە مارێکی ژەهرینە) (کەمال جەلال، ٢٠١٢، ل٣٥)، بەهۆی مەترسیی پێوەدانییەوە بە ناحەز دادەنرێت و خۆشەویست نییە، بۆیە بە کەسی شەڕانگێز دەگوترێت (ئەژدیها، مار)، یان (ئەژدیها/ ماری حەوت سەر)، هەروەها (لە ئەفسانەی سۆمەریدا هاتووە کە مار ئادەم و حەوای هان داوە، سێو بخۆن و بەهۆیەوە لە بەهەشت دەرکراون، بۆیە لەو چیرۆکەدا بووە بە هێما بۆ شەیتان) (فەرهاد پیربال، ٢٠٠٩، ل١٢٠). بەهۆی ژەهرینیی مار و ڕەنگە بەهۆی ئەم چیرۆکەشەوە زۆر جار بە مار دەگوترێت (شەیتان)، یان کە بینرا دەڵێن (شەیتانە، بیکوژە). مار حەزی لە مۆسیقا و ئاوازی خۆشە، بۆیە گوتوویانە (مار بەقسەی خۆش لە کون دێتە دەر)، هەروەها نێر و مێی جۆرێکیان عاشقی یەکتر دەبن و پێیان دەگوترێت (عاشقە و ماشقە)، کە هەردەم پێکەوەن. ئەم گوتانەش زۆرجار لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ مرۆڤ دەخوازرێن و بەکاردەهێنرێن.

(زەردەواڵە)ش هیچ سوودێکی نییە و پێوەدەدات و شەڕانگێزیشە، بە تایبەتی ئەگەر گێچەڵی پێ بکەیت و بتەوێت ئازاری بدەیت، یان دار لە کونی وەربدەیت، ئیتر بە کۆمەڵ دەردەچن و وازت لێ ناهێنن. زۆر جار ئەم سیفەتەی زەردەواڵە بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە دەخوازرێت کە شەڕانگێزن و بە ئاسانی واز ناهێنن، کاتێک کەسێکی لەو جۆرە بدوێنرێت، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان شەڕی پێ بفرۆشرێت، دەگوترێت (زەردەواڵەت لە خۆت هارکرد، دارت کردە کونی زەردەواڵەوە...).

هەروەها (دووپشک) بەهۆی پێوەدانییەوە بە دوژمنی مرۆڤ دادەنرێت و زۆرجار بە کەسی خراپ، یان کەسێک هەردەم ئامادەبێت بۆ زیانگەیاندن دەگوترێت (دووپشک). دەڵێن پێغەمبەری ئیسلام ڕێگەی بە کوشتنی (قەلەڕەش و باشووکە و دووپشک و مشک و سەگی هار) داوە (٥).

٦- لە کوردەواریدا هەندێک لە گیانداران بە شووم دادەنرێن، وەک (کوندەبەبوو)، کە یەکێکە لە باڵندە گۆشتخۆرە دەنووک قولابییەکان، بەڵام کۆمەڵگەی کوردەواری بە جۆرێکی جیاواز لەوانی تر تێی دەڕوانێت. ئەو باڵندەیە بە شووم و مایەیماڵوێرانی دەزانرێت، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە بەزۆری ((لەسەر وێرانە و کەلاوەکان دەژی)) (فەرهاد پیربال، ٢٠٠٩، ل٢٠٥)، هەروەها باوەڕ وایە (کوندەبەبوو هەموو ڕۆژێک سێ چۆلەکە دێتە بەردەستی و دەیخوات)، بۆیە زۆر جار بە کەسێک، کە بە ئاسانی شتی دەست بکەوێت، دەگوترێت (کوندەبەبووە، دێتە بەردەستی)، هەروەها لە کوردەواریدا (قەڵەڕەش)یش بە شووم دادەنرێت، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە ((قەلەڕەش لەسەر کارەساتەکان کۆدەبنەوە، جا ڕووداوبێت، یان مردن، وەک ئەوەی... هەواڵی خراپەیان پێ بێت، دەقیرێنن)) (سەروەر حەسەن، ٢٠١١، ل٩٦)، یان جۆرێکیان زیان بە کشتوکاڵ دەگەیەنێت (هەمان سەرچاوە، ل٩٥). دەڵێن ((پیغەمبەر بە فاسق ناوی بردووە)) (فەرهاد پیربال، ٢٠٠٩، ل٥١). بەگشتی باڵندەیەکی خۆشەویست نییە، بۆیە زۆر جار بە مرۆڤی خراپ دەگوترێت (قەلەڕەش)، هەروەها بەهۆی ڕەنگەکەیەوە خەڵک بە (ڕووڕەش) ناوی دەبەن و زۆر جار بەو کەسەی خۆی خراپ و «ڕووڕەش» بێت و خەڵک بە خراپ بزانێت دەگوترێت (قەل بە قەل دەڵێت ڕووت ڕەش بێت).

٧- هەندێک لە گیانداران لە کۆمەڵی کوردەواریدا بێزراون، بە پیس، یان نەفرەتلێکراو دادەنرێن، وەک بەراز و سەگ. ئەم بیرەش بەزۆری بە کاریگەریی ئایینی ئیسلام دروست بووە، هەرچەندە لە ئیسلامدا بەو جۆرە خراپەش وێنا نەکراون. (بەراز) لە قورئاندا پێنج جار ناوی هاتووە، سێ جار گۆشتەکەی بە حەرام دانراوە (البقرة - ١٧٣، المائدة - ٣، النحل - ١١٥). جارێک گۆشتەکەی بە (رجس= پیس و ناحەز) ناودەبرێت (الأنعام، ١٤٥)، جارێکیش هاتووە، کە (خودا ئەو کەسانەی کە لێیان تووڕە بووە و بە نەفرەت کراون، کردوونی بە مەیموون و بەراز) (المائدة، ٦٠). ڕەنگە ئەو وێنە نەرێنییە هۆکارەکەی ئەوە بێت، بۆیە زۆر جار بە کەسی خراپ و کەمباوەڕ دەگوترێت (بەراز، هەی بەراز!)، یان بە کەسی حەرامخۆر دەگوترێت (بەرازخۆر).

(سەگ) لە قورئاندا بە چەند شێوەیەک ناوی هاتووە، تەنیا یەک جار بە خراپە ناوی هاتووە، کاتێک لە شوێنێکدا بێباوەڕانی پێ چوێنراوە (الاعراف، ١٧٦)، بەپێی فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلامیش بە گڵاو دانراوە (سەروەر حەسەن، ٢٠١١، ل١٠٨) و باوەڕ وایە؛ هەر کاتێک لەشی مرۆڤ، یان کەرەستەیەک بەری بکەوێت، پێویستە گڵاویی دەربهێنرێت (٦). بەزۆری (سەگ) وێنەیەکی نەرێنی هەیە، بە کەسێک کە بە پیس و خراپەکار دابنرێت، دەگوترێت (سەگ)، یان (سەگە، لێی نزیک مەبەوە)، یان (سەگە، گڵاوت دەکات)، بەو واتایەی کە لێی نزیک ببیتەوە پیست دەکات و بەئاسانی پاک نابیتەوە. بە کەسی (زۆرزانی خراپەکار)یش دەگوترێت (سەگ)، واتە بە واتای زۆرزانی و بۆ جنێودان بەکاردێت و دەگوترێت (بەخوا سەگە!)، واتە (زۆرزان و فێڵبازە)، یان دەگوترێت (سەگباب، سەگی سەگباب..). لە بەرانبەردا (سەگ) لە سورەتی (الکهف، ١٨، ٢٢) دوو جار بە هاوەڵی (یارانی ئەشکەوت) ناوی هێنراوە، هەروەها بەگشتی سەگ لەگەڵ مرۆڤدا بەوەفایە و هۆگری دەبێت، بۆیە سەگ وێنەیەکی ئەرێنیشی هەیە و بە (وەفادار) ناودەبرێت.

**لـە لایەكـی تـرەوە هەندێـك سـیفەتی خـودی گیاندارەكانیش بوونەتـە هـۆی ئـەوەی بـە خراپـی ناویـان بهێنرێت، بـۆ نموونە نێرەی بـەراز (یەكانە) ڕێ بـە یەكانـەی تـر دەدات لەگـەڵ مێینەكـەی خۆیـدا جـووت بێـت (فەرهـاد پیربـاڵ، ٢٠٠٩، ل٤٣)، ئەمـەش لـە كوردەواریدا نەخـوازراوە، بۆیـە وەک جنێـو دەگوترێـت (هـەی بـەرازی مـل پـان)، واتـە (گـەواد)، یـان نـاوی مێینەكـە دەهێنرێـت و دەگوترێـت (هـەی مالـۆس!).**

## پەراوێزەكان:

١- صـرد: باڵندەیەكـە، سـەری گەورەیـە و ژێرسكی سپییە و سەرپشـتی سـەوزە و پەلەوەری بچـووک ڕاودەكات. ڕزگار كەریـم، فەرهەنگـی دەریـا.

2-https://dorar.net/hadith/sharh/76363

٣- لـە ڕووی پێكهاتنیشـەوە ناوەكـە لـە (نـاو+ پاشـگری بچووككردنـەوە) دروسـت بووە(مێروو+لـە).

٤- لـە قورئانـدا هاتـووە، كـە خـوای گـەورە سـەرپێچیكارانی سـزاداوە و كردوونـی بـە مەیمـوون، بڕوانە سـورەتی (البقرة)، ئایەتی (٦٥).

5-https://shamela.ws/book/22592

٦- وشـەی (گڵاو)یـش هـەر لـە (گڵ+ ئـاو) دروسـت بـووە.

## سەرچاوەكان:


- قورئانی پیرۆز.
- تاڵیـب حوسـێن عەلـی(٢٠١١)، واتاسـازی، چاپـی یەكـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.
- ڕزگار كەریـم (٢٠١٠)، فەرهەنگـی دەریـا (عەرەبـی - كـوردی)، چاپـی دووەم، چاپخانـەی مەهـارەت، تهـران.
- سـەروەر حەسـەن (٢٠١١)، قورئـان و ئاژەڵناسـی، چاپـی یەكـەم، نووسـینگەی تەفسـیر، هەولێـر.
- عەبدولواحیـد موشـیر دزەیـی، (٢٠١٠)، واتاسـازی وشـە و ڕستە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.
- فەتـاح مامـە عەلـی، (١٩٩٨)، ئیدیـەم لـە زمانـی كوردیـدا، نامـەی دوكتـۆرا، زانكـۆی سـەلاحەددین، كۆلیـژی ئـاداب.
- فەرهاد پیربال، (٢٠٠٩)، حەیوانات، هەولێر.
- محمـد نـوری عـارف، ٢٠٠٩، فەرهەنگـی دیوانـی شـاعیران، چاپـی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێـر.
- هیـوا احمـد عصـاف، (٢٠١٣)، نـاوی گیانداران لـە زمانـی كوردیدا، مجلـة الاسـتاذ، العـدد (٢٠٦)، المجلد الاول.
- وریـا عومـەر ئەمیـن، (٢٠١١)، پیتۆكەكانـی زمانەوانـی، چاپـی یەكـەم، دەزگای ئـاراس، هەولێـر.
- احمـد مختـار عمـر، (١٩٩٨)، علـم الدلالـة، الطبعـة الخامسـة، عالـم الكتـب، القاهـرة.
- علـي عبدالواحـد الوافـي، (١٩٨٣)، اللغـة والمجتمـع، الطبعـة الرابعـة، شـركة عـكاظ للنشـر والتوزيـع.
- محمـد حسـن عبدالعزيـز، (١٩٩٠)، مدخـل الى علـم اللغـة، دار الفكـر العربـي، القاهـرة.
- محمـد محمـد داود، (٢٠٠٩)، جدليـة اللغـة والفكـر، القاهـرة.
- Leech, G. (1981). Semantics: The study of meaning (2nd ed.). Penguin Books.
- Lyons, J., 1977. Semantics. Volume 1. Cambridge: Cambridge University Press.
- https://dorar.net/hadith/sharh/76363
- https://shamela.ws/book/22592.